Available online at http://jgu.garmian.edu.krd

Journal of University of Garmian

https://doi.org/10.24271/garmian.22090321

# (لاواندنەوە لە دەقە شیعرییەکانی حسیب قەرەداغی )دا

أوات رحيم كريم

مژده إسماعيل نوری

بەشی زمانی کوردی // کۆلێژی پەروەردە// زانکۆی گەرمیان

*Article Info*

Received: April, 2022
Accepted : June ,2022
Published :September ,2022

*Keywords*

لاواندنەوە شعری، دەقە شیعرییەکانی حسیب قەرەداغی، ئاواز ێ غەمناك.

*Corresponding Author*

awat.rahim@gmail.com
muzhda.ismael@garmian.edu.krd

## پوختە

بەشێوەیەکی گشتی هونەری لاواندنەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی هۆنراوەی گۆرانی و پارچە شیعرێکی لیریکە، کە شاعیر تێیدا هەموو هەست و سۆزی خۆی لە پێناوی کەسێکی خۆشەویستی لەدەست چوو دەخاتەڕوو، کە بۆ بۆنە ناخۆشەکان وەکو پرسە و دورکەوتنەوەو و دابڕان دەوترێت، لاواندنەوە بەشێوە سەرەتاییەکەی لای هەموو نەتەوەکان بۆ ئەو داب و نەریتانە دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی پرسەو لاواندنەوەی مردووەکاندا لە ئارادا بووە لاواندنەوە کۆمەڵێ مانای هەیە لەوانەش وەکو (ئاوازێکی غەمناك ) یان بە واتای (گریان لەسەر مردوو و یادکردنەوەی مردوو)ئەم بابەتە بابەتێکی فراوانە و مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی پەی بە هەموو لایەن و لق و پۆپەکانی ببات ، ئەم لێکۆلینەوەیە لە دووبەش و پوختەیەك بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێك هاتووە .لە بەشی یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی لاواندنەوە دەکەین بە شێوەیەکی گشتی لەڕووی ناوەڕۆکەوە دوولقی لێ دەبێتەوە ئەوانیش :

**پێشەکی:**

بەشێوەیەکی گشتی هونەری لاواندنەوە جۆرێکە لە جۆرەکانی هۆنراوەی گۆرانی و پارچە شیعرێکی لیریکە، کە شاعیر تێیدا هەموو هەست و سۆزی خۆی لە پێناوی کەسێکی خۆشەویستی لەدەست چوو دەخاتەڕوو، کە بۆ بۆنە ناخۆشەکان وەکو پرسە و دورکەوتنەوەو و دابڕان دەوترێت، لاواندنەوە بەشێوە سەرەتاییەکەی لای هەموو نەتەوەکان بۆ ئەو داب و نەریتانە دەگەڕێتەوە، کە لە کاتی پرسەو لاواندنەوەی مردووەکاندا لە ئارادا بووە لاواندنەوە کۆمەڵێ مانای هەیە لەوانەش وەکو (ئاوازێکی غەمناك ) یان بە واتای (گریان لەسەر مردوو و یادکردنەوەی مردوو)ئەم بابەتە بابەتێکی فراوانە و مرۆڤ ناتوانێت بە ئاسانی پەی بە هەموو لایەن و لق و پۆپەکانی ببات ، ئەم لێکۆلینەوەیە لە دووبەش و پوختەیەك بە زمانەکانی عەرەبی و ئینگلیزی پێك هاتووە ،لە بەشی یەکەمدا باسی چەمك و پێناسەی لاواندنەوە دەکەین بە شێوەیەکی گشتی لەڕووی ناوەڕۆکەوە دوولقی لێ دەبێتەوە ئەوانیش :

١-لاواندنەوەی تایبەتی

٢-لاواندنەوەی گشتی

بەشی دووەمیش بەناونیشانی (لاواندنەوە لە دەقە شیعرییەکانی حەسیب قەرەداغی)دا وە قورسترین لاواندنەوە لای شاعیر ئەو لاواندنەوەیە، کە بۆ ئافرەت و منداڵ دەینوسێ لاواندنەوە بۆ ئافرەت و منداڵ کارێکی سادەو ئاسان نابێت هەموو شاعیرێکیش تواناى نووسینی ئەم جۆرە لاواندنەوەی نییە بۆ مردنی جگەرگۆشەکەی شتێك بنوسێت بەڵکو زۆرجار پەستانێکی گەورە لەسەر هەستەکانی دەبێت نووکی خامەی لەئاست کارەساتەکەدا دەشکێت، دەبینین زۆرجار شاعیران دوای تێپەڕبوونی ماوەیەکی زۆر بەسەرمەرگی جگەرگۆشەکەیدا ئینجا دەتوانێت شتێك بۆ مردنی بنوسێت، چونکە کارەساتەکە هێندە گەورەیە شاعیر لەئاستیدا پەکی کەوتووە و لەبەرامبەریدا دەستەوسان و بێ دەسەڵات وەستاوە، بەڵام دوای ماوەیەکی درێژ توانیویەتی هەست و سۆزو خۆشەویستی خۆی بۆ جگەر گۆشەکەی دەربڕێت.کە بۆ مردنی جگەرگۆشەکەی هەموو ساڵێك شین دەگێرێت بەردەوام لە هزرو ئەندێشەو خەیاڵیدا دەبێت، سەرباری ئەوەش لەسەرتاپای شیعرەکانیدا باس لە ئەدگارو خەسڵەت ویادگاری جگەرگۆشەکەیان دەکاتە هەوێنی شیعری و کۆمەڵێك بەرهەمی ئەدەبی جوان پێشکەش دەکات ، ڕەنگدانەوەی ئەم لایەنانە بەڕوونی لە نێو شیعرەکانی (حەسیب قەرەداغی )دەبینرێت، شاعیر بێ ویستی خۆی ئەم کارەی کردووە ، چونکە مردنی منداڵەکەی کاریگەری زۆری لە سەر دەروونی شاعیر دروست کردووە، لەکاتگای دڵیەوە لاواندنەوە بۆ جگەرگۆشەکەی دەکات، بۆیە بە ئاسانی پەیامی دەقەکە دەگەیەنێتە پەیام وەرگران و چێژێکی تایبەتی دەقەکە دەبەخشێتە وەرگر لە کۆتایشدا چەند ئەنجامێک و لیستی سەر چاوەکانمان خستۆتە ڕوو.

**سنووری توێژینەوەکە:**

سنوری توێژینەوەکە بریتی یە لە شیعری کرمانجی خوارووی دەقە شیعرییەکانی شاعیری بەناوبانگ (حەسیب قەرەداغی ) لە شیعری شاعیراندا بە شێوەیەکی گشتی وبە تایبەتی شاعیرانی کورد گرنگیان بە لاواندنەوە داوە لە نێو دەقەکانیاندا ڕەنگی داوەتەوە.

**میتۆدی توێژینەوەکە:**

لەم توێژینەوەیەدا شیکردنەوەمان بۆ هەندێ لایەنی شیعری کردووە لای( حەسیب قەرەداغی )، بەم شێوەیەش توێژینەوەکەمان دەچێتە چواچێوەی ڕێبازی (شیکاری-وەسفی )یەوە.

**هۆی هەڵبژاردنی بابەتەکە:**

یەکێك لە تایبەتمەندیەکانی شیعر بریتی یە لە پەیام، وە ئەو پەیامەش کاریگەری لەسەر کۆمەڵگا هەیە جا ئەو پەیامە پەیامێکی هۆشیاری یان کۆمەڵایەتی بێت، بە پێویستمان زانی لەم توێژینەوەیەدا زیاتر گرنگی بە بابەتی لاواندنەوە بدەین وە جۆرەکانی لاواندنەوە لە نێو دەقە شیعرییەکانی شاعیردا دەست نیشان بکەین بە نموونەی شیعری هەردوو جۆرەکە روون بکەینەوە .

**گیروگرفتی لێکۆڵینەوەکە:**

لە ڕاستیدا کەمی سەرچاوە یەکێك بووە لە گیرو گرفتی ئەم توێژینەوەیەمان .

## به شی یه کەم : چەمك و پێناسەی لاواندنەوە

١- چەمک و پێناسە:

لاواندنەوە /واتە ستایشی کەسێک دوای مردنی. یان گریان بۆی و باسکردنی و پیشاندانی ئاکارەکانی و یادکردنەوەو پاراستنی یادی مردوەکە و هۆنینەوە بۆی.

لاواندنەوە مەبەستێکی شیعرییە لەسەر خەم و گریان بۆ مردوو بونیادنراوە، لەگەڵ باسکردنی ئاکارە باشەکانی مردووەکە و ( گەورە پیشاندانی کارەسات و کۆست کەتنەکە. بەشیعر یان بە پەخشان) بەشێوەیەکی گشتی هونەری لاواندنەوە جۆریکە لە جۆرەکانی هۆنراوەی گۆرانی . لیریکی کەبۆ بۆنە ناخوشەکان وەکو پرسەو دورکەوتنەوە و دابڕان . دەوترێت لاواندنەوە بەشێوە سەرەتایەکەی لای هەموو نەتەوەکان بۆ ئەو دابونەریتانە دەگەڕێتەوە، کە لەکاتی پرسەو لاواندنەوەی مردوەکە لەئارادابووە لاواندنەوە کۆمەڵێ مانای هەیە لەوانەش وەک ( ئاوازێکی غەمناک ) (ئاشناجلال رفیق ،٢٠١٤ ، لاپەڕە ١١)وەک چۆن ئاوازمان هەیە بۆ بۆنە خۆشەکان بەکاردێ بەهەمان شێوە ئاوازیشمان هەیە، کەلە بۆنە ناخۆشەکان بەکارهێنراوە وەک لاواندنەوە یاخود پێی دەوترێ لاواندنەوە . هەروەها ماتەم نامە لەڕەخنەی کۆندا، لەگەڵ شیعری ستایش وەک و دوو دیوی دراو سەیر کراون . (ڕەخنە گرانی عەرەب و عەجەم وای بۆچون کەوا ماتەم نامە هەمان چەشنی شیعری ستایشە و ئەوان لەو باوەڕەدان، کە جیاوازیەکی ئەو تۆ لە نێوان ماتەم نامەو ستایش دانیە، تەنیا ئەوەی لێکیان جیا دەکاتەوە ئەوەیە کەماتەم نامە وای لێ دەخوێنرێتەوە، کەوا بۆ کەسێکی کۆچکردوو گۆترابێت) .(عوسمان دەشتی ، ٢٠١٤ ،لاپەڕە ١٢٩)

هەروەها خلیل ابن ئەحمەد فراهید دەڵێ:( لاواندنەوە و گریان لەسەر مردوو بە مانای پیاهەڵدانیش دێت ) (نوال کاتب ،٢٠١٥لاپەڕە١١)واتە لەکاتی مردنی کەسێکی ئازیز ياندا دەستیان کردووە بە پیا هەڵدان لەسەر مرددوەکە، کە ئەمەش بۆ دەربڕینی خەم و خەفەت بووە، کەلە ناخیاندا پەنگی خواردووەو بەلاواندنەوە دەربان بڕیوە.

هەروەها شاعیران بەشیعر ( لاواندنەوە و هۆنینەوەی شیعر بۆکەسە مردووەکانیان دەکەن بەشیعر بەسەریاندا پیاهەڵدەدەن) "سراج الدین محمد ،ل٥" وە ئێمە دەزانین کاتێک کەسێکی ئازیزمان دەمرێت یاخود دنیا بەجێدەهێڵێت کەسە نزیکەکانی مردووەکە دەست دەکەن بەشیعر وتن لەسەر مردووەکە ئەوکات بەلاواندنەوە ئەو شیعرە لەسەر مردووەکە دەڵێن .

هەروەها شیعری لاواندنەوە : لە ئەدەبیاتی کۆن و نوێی کوردی دا مێژویەکی دوورو درێژی هەیە ،ئێمە گەلێک تێکستی شیعری ناسراو مان هەیە، هەڵبەت ئەم لایەنەش ئەدەبیاتی نوسراو و میللی و فۆلکلۆریش دەگرێتەوە، شیعری لاواندنەوە بەوە ناسراوە: قەسیدەیەکە سەر شارە یان پڕە لە عاتیفەو هەستی ڕۆمانتیکی و جۆرێک لە غەمباری کە وەک و سیمایەکە بۆ وشە رۆمانتیکیەکە . زیاتریش شاعیر باس لە ژیانی تایبەتی خۆی دەکات واتە ناوەڕۆکی قەسیدەکە پەیوەندی بەخۆیەوە هەیە و شاعیر کەسێک دەلاوێنێتەوە ئەو کەسەش دەشێ دەزگیران یان کوڕ یان کچ یان کەسێکی زۆر نزیکی بێ ) پیشاندانی هەستی لەدەستچوونە ، لێرەوە لاواندنەوە وەک دیاردەیەکی دەروونی هەڵکەوتێکی تایبەت وەردەگرێ ، ئەویش بریتییە لە ژیاندنەوەو هێنانەوە دنیا ، ئەمەش لە ئەدەبیاتدا بە وێنەی شیعری و چینێکی نایاب دەکرێ، ئەم چینە تواناو بەهرەو خەیاڵێک یان چڕبونەوەیەکی عاتیفی و هونەری دەوێ.

(لە ئەدەبی جیهانیدا ناسراوترین قەسیدە کەباس لەلاواندنەوە دەکات قەسیدەی ( دەریاچە) ی ( لامارتین) ە کە لە کۆمەڵە شیعری (ڕامانەکان ) بڵاوبۆتەوە، ( لامارتین ) لەم قەسیدە بەناوبانگە، لە کاتێکی دیاریکراو ژوانی لەگەڵ دەزگیرانە تازەکەی هەیە، شوێنی بەیەک گەیشتنیان بەپێی ڕێککەوتنی پێشوو، بریتییە لە لێواری دەریاچەی بورژێ، لەکاتی دیاریکراودا لامارتین لەلێواری دەریاچە ئامادەیە، بەڵام (لامارتینوێرای خەم و پەژارەی و سۆزێکی زۆر بۆ کچە نەخۆشەکەی (ژولی )کەلە سەرە مەرگە لەم شوێنە ئامادە دەبێ، سەرەنجام دەزگیرانەکەی بەهیچ شێوەیەک ناگا، دواجار ئەم هەستە کەوەک لەدەستچون وایە، لەگەڵ لەدەستچونی کچە نەخۆشەکەی تێکەڵی یەکتر دەبن و شاعیر دەردی دڵی خۆی لە ڕێگای بەکارهێنانی کۆمەڵێک میتافۆری تایبەت بە سروشت، وەک دەریاچە و ئاو بەرد و لم و شەپۆلەکانی دەریاچەو زەمەن دەر دەبڕێ، لەم قەسیدە مەسەلەی زەمەن بایەخێکی زۆر سەرنج ڕاکێش وەر دەگرێ، بەو مانایەی هەموو شتێک تێ دەپەڕێت). (موحسین ئەحمەد عومەر، ٢٠٠٨،١٣٠، لاپەڕە١٥٧ )

ڕەخنەگران و توێژەران هەریەکەو لەلای خۆیەوە جۆرە پێناسەیەکیان بۆ لاواندنەوە کردووە هەندێک لەو ڕەخنەگرانە بەمەبەستێکی شیعریان داناوە هەندێکی دیکەش بەهونەرێکی شیعریان داناوە، بەڵام ئایا لاواندنەوە هونەرە ؟ بۆ وەڵام دانەوەی ئەم پرسارە دەبێ بگەڕێینەوە سەر شیعر بەشێوەیەکی گشتی و ئەو پرسیارە لەخۆمان بکەین ئایا شیعر هونەرە؟وەڵامەکەی بەڵێ بەدڵنیاییەوە شیعر هونەرەکەواتە ئەگەر شیعر ئیلهام بێت ئەی چی دەربارە ی لاواندنەوە، کە مەبەستی شیعری دەگەیەنێ، هەربۆیە بەدڵنیاییەوە شیعری لاواندنەوەش ئیلهامە و مەبەستێکی شیعرییە . چونکە شاعیر لەپێناوی وەسفکردنی دیاردەیەکی مرۆڤایەتی ئەم جۆرە شیعرە دەنوسێت ئامانجی بەرجەستەکردنی حاڵەتەکەیە، لێرەدا دەتوانین بڵێین ئێمە کاتێک، کە باسی فۆرمی هۆنراوەی لاواندنەوە دەکەین ئەوا دەشێ بڵێین لاواندنەوە هونەرێکی شیعرییە، بەڵام ئەگەر باسی ناوەڕۆکمان کرد ئەوا دەکرێ لاواندنەوە بەمەبەستێکی شیعری ئەژمار بکەیت جاگرنگ نییە، بۆلاواندنەوە زاراوەی مەبەست بەکار هاتووە یان هونەر گرنگ ئەوەیە ئێمە بزانین ڕەخنەگران و توێژەرانی ئەدەب لە بارەی لاواندنەوەچییان ووتوە.

(شاعیران لاواندنەوە بۆ مرۆڤایەتی بە گشتی و هەروەها بە شێوەیەکی تایبەتی بۆ خودی خۆیان، لەگەڵ لاواندنەوە بۆ نەتەوە، هەروەها لاواندنەوە بۆ کەسانی ئازیز و خۆشەویست دەکەن ) (سراج الدین محمد،ل٦)کەواتە ئەم جۆرە شیعرە کەدەڵێن مەدح واتە وەسفی مردووەکە دەکرێ، چونکە کاتێک کەکەسێک دەمرێت هەندێک کەسی نزیکی خۆی هەڵدەستێت بەمەدح کردنی مردووەکە و لایەنە باشەکانی مردووەکە دەخەنەڕوو واتە بەمردووەکەدا هەڵدەدەن . کەدەڵێ شاعیر پێش مردنی خۆی ماتەم نامە بۆخۆی دادەنێ ئێمە دەزانین مردوو پێش ئەوەی بگاتە سەرەمەرگ ماتەم نامە یان وەسیەت دەنوسێت.

هەروەها (عەلائەدین سجادی ) بەم جۆرە پێناسەی لاواندنەوەی کردووە : ( لاواندنەوە باسی مردن و چۆنیەتی مردن و زمانی دڵتەنگی و بەینەتە ( مەینەتە) وەفا ، شێوەکەی نەرمە، بەڵام بەنەرمی هەڵبەسە، توندوو تیژە بە ئەندازەی دڵێری، وشەکانی پێشوازی نەبوونی و ماتەمی دەکا) (ئاشناجەلال ڕەفیق،٢٠١٤،ل١٢٧)وەک مردن، تاڵان ، گۆڕ ، منداڵی بێ باوک ........ ( یان کارەساتی گۆڕی ترسێنەر وەک ( لافاو ، سوتان ، بومەلەرزە ، ئاو )واتە ئەگەر ئێمە لەسەر ئەم پێناسەیە بدووێین ئەوەیە، کە لاواندنەوە لای عەلائەدین سجادی باسی مەینەتی دەکات دەڵێ مردن زمانی دڵتەنگییە، کاتێک کەسێکت دەمرێت ئەو زمانەی کەبەکار دەهێنرێ دڵتەنگی و غەم و خەفەتە .هیچ زمانێکی تر کاریگەری لەسەرت دروست ناکات تەنیا دڵتەنگی نەبێت، چونکە ئەو کەسەی کەلێت نزیک بووە ئێستا مردووەو ناگەڕێتەوە.

هەروەها ( شوکریە ڕەسوڵ) بەم شێوەیە پێناسەی لاواندنەی کردووە : ( لاواندنەوە هونەرێکە شاعیر دەربڕین لەسۆزی بەرانبەر بە مردوو دەکات بۆ مردووەکە دەگری و هەموو خاسیەتەکانی دەژمێرێ و وێنە ڕێژی لەژیان و مردن دەکات) (هەمان سەرچاوەی پیشوو)

کەتیایدا شاعیر گوزارشت لە ئازارو و خەم و پەژارەکانی خۆی دەکات لەکاتی مردنی کەسێکی خۆشەویستی، ئەم پرۆسەیە زۆر نزیکە لە خودی مرۆڤەوە، چونکە گوزارشتێکی ڕاستەقینەی ناخی مرۆڤەکانە بەرامبەر بە ئازیزانییان دەتوانین بڵێین کەبنەمای لاواندنەوە ( خۆشەویستی و عاتیفەو هەستی قوڵ و ئەندێشەیەکی فراوانە ) کەلەسەر بنەمایەکی خەیاڵی سۆزدارانە بنیات دەنرێ و تابلۆیەکی جوان و ئاوازێکی غەمگین بەشیعرەکە دەبەخشێت و لە چوار چێوەی وشەی جوان و ئاوازی غەمگین دێتە ناو دڵ و دەرونەوە. یاخود(لاواندنەوە یەکێکە لەگرنگترین هونەرەکانی شیعری وجدانی، چونکە لاواندنەوە هەمیشە غەم بارە بەڵام پیاهەڵدان مەرج نییە شیعرەکە غەمگین بێ) (نوال کاتب،٢٠١٥، ل١١ ) واتە لاواندنەوە شیعرێکی خەم ئامێزە کەتابلۆیەکی تاریک دەنوسێ، هەندێک جار شیعری خەم یان شیعری گریان یان شیعری شین و شەپۆڕ، یان ماتەم یان شیعری پرسەی پێ دەوترێت.

لاواندنەوە بۆ ئەو ڕێ وڕەسم و نەریتانە دەگەڕێتەوە، کەلەکاتی تازیە باری و لاواندنەوەی مردووەکان لە ئارادا بووە ، سەرەتا لەشێوەی سرود و دوعاو پاڕانەوەدا بووە لەخوداوەند لەڕو بەڕو بونەوە، لەگەڵ دیاردەیەکی سەرسوڕهێنەری وەک مەرگ، پاشان بووەتە پەندوو سڵاو و پێدا هەڵگوتن بەو ئومێدەی بۆمردوو لە گۆڕخانەدا ببێتە مایەی ئارامی و ئۆقرەیی.

دابو نەریتی کوردەواریش لە ڕابردوو دا هەر بەو جۆرە بووە، لەهەنگاوی کۆی میرو مەزن و جوامێراندا، یان جوانەمەرگی کوڕان و کچانی لاو لەناکاوی، ژنان بەتایبەتی لەمەراسیمی تازیە باریدا کۆڕی شینیان بۆ گێڕاوە .

شین و لاواندنەوە

جۆرێکە لە مەبەستەکانی هۆنراوە، بەدرێژای ئەدەبی نوسراو هەبووە و ڕەنگی داوەتەوە (جۆرێکی هۆنراوەی کۆنە بەرهەمێکی دانراوی زۆربەی خەڵکە و یەکێکە لە ئاکارە نمونەییەکانی فۆلکلۆر نەداستانێکی کۆنەو نە پەیکەرەو نە ئاسەوارە، بەڵکو ڕوداوێکی زیندووی هۆنراوەییە. شین و لاواندنەوە دەربڕینێکی قوڵ و ناخۆشی غەمباری و دڵتەنگییە بەشێوەیەکی شاکارانە ) (شوکریەڕەسول ،٢٠٠٨ ،لا ١٤٥) واتە (لاواندنەوە یاخود شین هەرلەکۆنەوە هەبووەو تائێستاش دەکرێت و بەکار دەهێنرێت، وەخەڵک دایناوە یاخود خەڵک بەکاری دەهێنێت وە نمونەیەکی فۆلکلۆرییە، چونکە زۆر لەکۆنەوە هەبووەو بەکار هێنراوە کاتێک دەڵێن فۆلکلۆر مەرج نیە بڵێین ئاسەوارە چونکە هەتا ئێستاش بەکار دەهێنرێ و دەربڕینی دڵ تەنگی و غەمبارییەو خەڵک بە لاواندنەوە دەری دەبڕن ئەمەیان بەهیچ شێوەیەک ناتوانین وەصفی بکەین، چونکە ئەوکەسانەی کاتێک ئازیزێکیان دەمرێت نازانن یاخود ناتوانن بەچ جۆرێک غەمباری خۆیان دەربڕن.

هۆنراوەی شیوەن بریتیە :(لەدەربڕینی خەم و ئازارو سۆزو هەناسەی گەرمو گوڕ هەڵکێشان و فرمێسک ڕشتن بۆئەو مرۆڤە خۆشەویستەی کەبەناچاری ئەم دونیایە، چۆن تێ هاتوە ئاوهاش جێ دێڵێ و ڕو دەکاتە بارگو بنەی دنیایەکی تر) (ڕەئوف عەسمان ،١٩٩٧ ، لا ٢٧)

(شین گێڕان بەواتای شەپۆڕو شیوەن و زار دێت بە دەنگ و بە ئاواز، کەبەشێوەیەکی تایبەتی بەڕێوە دەچێت) (ئاشنا جەلال ڕەفیق ،٢٠١٤ ، لا ١٤)تازیە باران جلی شین و نیلی ،(کەبەخەم ڕەنگ ڕێژ دەکرا) دەپۆشێت و سەرە ژنێک دەبێت ( بەشین گێڕو) بەدەنگ و ئاوازێکی خەماوی بە بەندی شیعرو پەخشان مردووەکە دەلاوێنێتەوە پێیدا هەڵ دەڵێ، ئەو نەهامەتییەی کەلەو کۆچکردنەدا کەوتۆتەوە باس دەکات دوا بەدوای ئەویش کۆڕی ژنانی شینگێڕ بەئاهو حەسرەت و قوڵپی گریانەوە، لەسەر ڕیتمێکی تایبەت وەکو کۆرس بۆی دەسەننەوە)( عوسمان دەشتی ٢٠١٤، لا ١٣٢)

لاواندنەوە و شیوەن هەمیشە بۆ هەڵڕشتنی ناخ و خەم و کێشەو ئازاری دڵ، بەڵکو هەندێ جار شیوەن بۆشار، ماڵ، ئاژەڵ،......تد واتە جگە لەوەی کە شین بۆ مرۆڤ دەکرێت بۆ ئاژەڵ و بۆ وڵاتی کاول بووش دەکرێت .

(ئیبن و لرۆمی ) لەسەردەمی عەباسییەکان دا بە کۆمەڵ شیوەن بۆشاری بەسرە دەکات )٢٠(ڕەئوف عوسمان ،١٩٩٧ ، لا٢٧) )لەئەدەبی فیرعەونەکاندا گەلێک بایەخ بە ئەدەبی شیوەن دراوە، ئەوەتانێ خاتوو (ئیزسین) شیوەن بۆ (ئوزیرسی) برای دەکات) "(مارف خەزنەدار ،١٨٠١ - ١٨٥٠ ، ٤٤٤)" هەروەها (مەولەوی شاعیریش شیوەنی بۆ(عنبەر) خاتونی هاوسەری کردووە چەمەرانەی بۆ گێڕاوە، کەخەڵکی کوردستان ڕویان نەهاتووە تەنانەت لەگەڵ هاوسەرەکانیانیشدا زۆر بدوێن، (گوزاریان لەگەڵدا بکەن)( هەمان سەرچاوەی پێشوو)

٢ -جۆرەکانی لاواندنەوە:

لاواندنەوە تابلۆیەکە، وێنەی هەڵسوکەوتی مرۆڤ پیشاندەدات بەرامبەر بە مردن. هەتاکو ڕووداوەکان و کارەسات بمێنێ لاواندنەوەش دەکرێ و بەشێوەیەکی گشتی لەڕووی ناوەڕۆکەوە دووجۆری لێدەبێتەوە:

١-لاواندنەوەی تایبەتی.

٢-لاواندنەوەی گشتی.

هەریەکێکیش لەم جۆرانە لەناو خۆیاندا چەندین جۆرولقی تری لێبوەتەوە ، سەرەڕای ئەوەی کە چەندین جۆری تری لاواندنەوە پەیدابوون و سەریان هەڵداوە، ئەمەش بەهۆی گەشەکردنی کۆمەڵگاو گۆڕانی بارودۆخەکان و بەرپابوونی شەڕو شۆڕو زوڵم و زۆری و داگیرکاری ..... ئەم جۆرە گۆڕان و پێشهاتانە لە باری ژیانی کۆمەڵگا وای کردووە چەندن جۆری لاواندنەوە زیندوو بکرێنەوە کەپێشتر تاڕادەیەک پشت گوێ خرابوون یان بایەخی ئەو تۆیان پێ نەدرابوو.

## بەشی دووەم/لاواندنەوە لە دەقەشیعرییەکانی حەسیب قەرەداغید:

لاواندنەوەی تایبەتی لە دەقە شیعرییەکانی (حەسیب قەرەداغی):

لێرەوە باس لە لاواندنەوەی تایبەتی دەکەین لای حەسیب قەرەداغی هەر لەگەڵ بیستنی وشەی لاواندنەوە یەکسەر (مردن) مان بە بیردادێت، مردنیش ئەو کارەساتە ترسناک و سامناکەیە کە مرۆڤ لە ئاستی دا بێدەسەڵاتەو ناتوانێ خۆی لێ ڕزگار بکات. لەوکاتەی مرۆڤ کەسێکی نزیک و خۆشەویستی لێ دەمرێت، هەست بە ئازارێکی سەخت و بۆشاییەکی فراوان دەکات لەدڵ و دەروونی دا، هەندێک کەس ئەم ئازارە بەشیوەن و گریان دەردەکەن و هەندێکیش ئەم ئازارە لای دەبێتە گرێ کوێرەیەک و بەدرێژایی تەمەنیان لەناو ئازارو ژاندا دەژین، لەم کاتەدا شاعیران پەنا بۆ شیعر دەبەن و بە شیعر بۆ خۆیان و مردووەکەیان دەلاوێنن.

لاواندنەوەی تایبەتی: شیوەن و گریانە بۆ مردووی کەسانی نزیک و خۆشەویست وەک و(دایک و باوک، خوشک، برا، هاوڕێ، خزم و کەس و کار(حەسیب قەرەداغی تەنها دوو جۆر لە لاواندنەوەی تاییبەتی خستۆتە ڕوو:

١-لاواندنەوەی جگەر سووتان.

٢-لاواندنەوەی خزم و کەس و کارو هاوڕێ.

(حەسیب قەرەداغی)، بۆ لاواندنەوەی جگەر گۆشەکانی گەوهەرێکی ڕاستەقینەی لاواندنەوەی هۆنیوەتەوە، چونکە لە ماوەی نێوان نزیکەی( ساڵ وسێ مانگ)، شاعیر دوو کچی لەسەرەتای تەمەنی جوانییاندا کۆچی دواییان کردووە، مەرگی لەناکاوی (کەژاڵ و بەهار) کاریگەرییەکی زۆری لەسەر ناخی شاعیر جێ هێشتووە.

ئازارەکانی بە وشەی پڕ لە هەست و سۆزی ڕاستەقینە دەربڕیوە لە کانگای دڵیەوە ئەو ئازارانە دەر دەبڕێت کە چۆن دڵی وەکو ئاگر بڵێسەی سەندووەو کڵپەی دێت.

یەکەم شیعری لاواندنەوەی کە بۆ مەرگی (کەژاڵ) نوسیویەتی لەکاتی خوێندنەوەی دەقەکەدا هەست بە شڵەژان و هەڵچونی دڵ و دەروونی شاعیر دەکرێت بە ناونیشانی (کەژاڵی جوان) کە لە بەرواری (١٩٨٣/٧/١٨) دوای تێپەڕ بوونی (٣١) ڕۆژ بەسەر مەرگی کەژاڵدا نوسیویەتی.

لە سەرەتای نوسینەوەی شیعرەکەدا شاعیر نەیویستووە بەلاواندنەوە دەست پێ بکات وەک شیعری لاواندنەوەکانی تر کە بە ماتەم شین دەست پێدەکەن.

لێهاتویی و شارەزایی شاعیر لێرەدا دەردەکەوێت، کە شیعرەکەی دابەش چەند تابلۆیەک کردووە، تاکو سێیەم تابلۆ شاعیر نەیویستووە هەڵچونی خەمی جگەر سووتانی خۆی دەربخات و هەست و سۆزی بەرامبەر بە (کەژاڵ) دەردەبڕێت لەسەرەتادا باسی ئەو بەیانیە دەکات کە بەڕێ دەکەوێت بۆ هەولێر بۆ وەرگرتنی بڕوانامەکەی پاشان لەنیوەدا کەژاڵ دێنێتە پێش چاوی خۆی کە زۆر دڵخۆشەو سەرکەوتووە دواتر بەڕێ دەکەوێت بۆ سلێمانی، بەڵکو لە دوای ئەو سێ تابلۆیە پاشان شاعیر خەمەکانی خۆی خستۆتە ڕوو لەم تابلۆیەدا شاعیر خەمەکانی بەشێوەی پلە پلە دابەش کردووە، خوێنەر لەگەڵییدا ڕۆییشتوەو هەست بە ئازاروو ژانەکەی دەکات، دیمەنەکە دەگوازێتەوە بۆ نێو (خەستەخانە) کە خوێنی جگەر گۆشەکەی چرپایەکانی ڕەنگ کردووە ڕەنگی مردووی لێ نیشتووە، پاشان وێنەی ئافرەتێکی گیان تیا نەماوی پیشان داوە کە جگەر گۆشەکەی (کەژاڵ)ی هەڵگرتووە. (تەنیا ئەسعەد محەمەد ٢٠١٢، ل ٧٧)

خەستەخانە
چرپایەک، خەڵتانی خوێن،
ڕەنگی مەرگی لێ نیشتووە
ئافرەتێکی گیان پێ نەماو
کەژەی لە باوەش گرتووە. (حەسیب قەرەداغی لا ١٤٢)

لەو ساتەی کە مرۆڤ هەواڵی مەرگی یەکێک لە ئازیزانی یاخود یەکێک لە ئەندامانی خێزانی پێ دەگات، (هێز لە گیان و ئەژنۆی نامێنێت هەست بە گڕ تێبەربوون لە هەناوی دا دەکات و وە جۆرە شڵەژانێکی دەروونی بەسەردادێت، وەهەندێ دیاردەی نزیک لە شێت بوون و تێکچون و بێ ئاگایانە دەنوێنێ، پاش ماوەیەک بەخۆدا دێتەوەو دەست بە ناڵاندن وهاوار کردن دەکات)(تەنیا ئەسعەد محمد ٢٠١٤ ،ل ١٨٢)ئەوەتا شاعیر وێنەی تەواو ڕاستەقینەی باری دەروونی شڵەژاوو ئارام لەبەر هەڵگیراوی ئەو ساتەی کە هەواڵی مەرگی جگەرگۆشەکەی پێ گەیشتوە پیشان داوە:

بەناو هێڵی تەلەفۆندا ڕۆڵە ڕۆیەک گەیشتە لام
وەکو داوی سەر لوتکەیەک گەرداو لێی دا
ئەژنۆم شکاو خۆم هەڵدێرام
ئەی خەڵکینە چەند گران بوو، لەو کاتەدا هەڵسانەوە!
هەرچی ئازاری عومرم بوو هەموویم گرت بە شانەوە
بۆ پێشوازی تەرمی کەژاڵ،
هەردوو دەستم بە قژمەوە گیرسانەوە
چراخانی تەمەنی ئەو بیست و یەک بوون کوژانەوە. (حەسیب قەرەداخی ب ١ ،ل ١٤٤)

مرۆڤ کاتێک خەمەکانی دەگاتە لوتکە پەنا بۆ خەڵکی دەبات، خۆ ئەگەر چاوەڕێی یارمەتیشیان لێ نەکات، بەتەنیا دەربڕینی خەمەکەی لایان دەبێتە هۆی حەواندنەوەی دەروونی، بۆیە شاعیر بەشێوەی( ئەی خەڵکینە) پەنای بردۆتە لای خەڵکی تا گوێ بۆ خەمەکەی  بگرن و بیهێننە پێش چاوی خۆیان، کە بارێکی قورس کەوتۆتە سەر شانی، لێرەدا شاعیر هەموو ئازاری عومری بەشانیەوە گرتوەو بەرەو پێشوازی تەرمی ڕۆڵە خێر نەدیوەکەی ڕۆیشتووە. لێرەدا بارێکی دەروونی سەخت وئاڵۆزی وەک ڕنینەوەی قژی و دەەست گرتن بەسەریەوە، وەلەگەڵ ناوبردنی تەمەنی ڕۆڵەی لەدەست چووی کە (٢١) ساڵی بوو:

هەموو ئەمانە هەڵچوونێکی دەروونی و خەم لای خوێنەر درووست دەکەن وەهەموو ئەم وێنانە کە شاعیر بەکاری هێناون وێنەی واقعی ئەو ساتەن و شاعیر توانیویەتی وەکو خۆی بیگوازێتەوە وەهەمان کاریگەریش لە دڵ و دەروونی خوێنەر درووست بکات، چونکە کاتێک مرۆڤ گوێبیستی مەرگی گەنجێکی تەمەن (٢١) ساڵان دەبێت، هەست بەخەم و پەژارە دەکات، چونکە ئەم تەمەنە سەرەتای چێژو خۆشی وەرگرتنە لە ژیان. بۆیە شاعیر دوا بەیتی ئەم تابلۆیەی پێ کۆتایی هێناوە.

سەرکەوتنی شاعیر لێرەدا لەوەدایە کەتوانیویەتی واقعی ڕووداوەکە وەک و خۆی بگوازێتەوە بۆ زەوی و بەرهەمێکی ئەدەبی لێ درووست بکات وەهەمان هەڵچوون لای خوێنەر درووست بکات.

درووست کردنی بەرهەمی ئەدەبی لە واقیع هەزار جار گرانترە لە دروست کردنی لە خەیاڵدا، چونکە ئەو کەسە لەڕووداوێکدا دەژی دوایی ئەو ڕووداوە دەگێڕێتەوە وەهەمان کاریگەری سەرخۆی لەواندا دروست دەکات، هونەرمەندێکی ڕاستگۆو بەتوانایە.وەکو وتمان شاعیر وەک هەر هونەرمەندێکی تر خەم و پەژارەکانی بە هونەرەکەی دەر دەبڕێت و لەکاتی خەم و پەژارەکانی پەنا بۆ جیهانە تایبەتیەکەی خۆی دەبات و تێیدا هەست بە حەوانەوەی دەروونی دەکات، ئەوەی پێویستە لێرەدا تیشکی بخەینە سەر لەگەڵ دەربڕینێکی شاعیردا گرێ بدرێت ئەوەیە پرۆسەی دانانی شیعر لە کاتی بوونی خەمێکی قورس و کاریگەردا کارێکی ئاسان نییە.

له (١٧) ی حوزەیرانی شومەوە هەتا ئەو ساتەی ئەمرم.
ئەو ئاگرەی تێم بەربووە
شاڵاوێکی بێ ئامانە
هەموو ڕێیەک لەبەردەمما پێچاڵێکەو ئاگر دانە
ئەی ڕۆڵە گیان خەم بڕیمی و پەنا ئەبەم بۆ دەفتەرم
بۆ دیوانم، بۆ سەفەرم
بۆ وەڵامی پرسیارێکم
بۆچیرۆکی ئازارێکم
دەستم چزا بە داماوی دەربڕینا
دوام لەتەک هەزار چامەی ماتەمینا
من دەروێشی مەولەویم و
شەیدای شیوەنی گۆرانم
کەچی ڕۆڵەم- کەژاڵی جوان-وا کۆلیلی گەرمە شینت
مەرگی"گوڵاڵە"و"عەنبەر خان" دێنێتەوە بەرچاوانم
هەموو ئەبن بە ئێشێک و ئەڕۆن هەتا سەر ئێسقانم. (حەسیب قەرەداغی ، ب ٢ ،ل ١٤٥ )

لێرەدا (حەسیب قەرەداغی)لەگەڵ بوونی بەهرەیەکی بەرزی شیعر و بیر و سۆز و ئەندێشەی بڵاوو فراونی شاعیردا هێشتا بەدوای ئیلهامی شاعیرانەدا گەڕاوە تاوەک دەرگایەک بە ڕوویدا بکرێتەوە، بەڵکو کاریگەریی ئەو شاعیرانەی بەسەرەوەیە و ئاگاداری باری دەروونی ئەوان بووە و شارەزاییەکی تەواوی لەو بوارەدا هەبووە ، لەناو ئەو شاعیرانەشدا(مەولەوی و گۆران)ی هەڵبژاردووە، هەردووکیان بە هەمان ئەزموونی تاڵی خەم و پەژارەی مەرگی ئازیزان و کەسانی ئەندامی خێزانەکەیاندا تێ پەڕیون و شیعری لاواندنەوەشیان بۆ مردووەکەیان نوسیووە، بۆیە شاعیر شیعرەکانی (شینی عەنبەر خاتوون و شینی گوڵاڵە)یان هێناوەتەوە بیری و ئازارەکانی نێو ئەو دوو شیعرەش تێکەڵ بە ئازاری جگەر سوتانی خۆی بۆتەوە. (تەنیا ئەسعەد ،٢٠١٢ ، ١٨٦)

ب/لاواندنەوەی خزم و کەس و کارو هاوڕێ:

ئەمەش جۆرێکە لە لاواندنەوەی تایبەتی شاعیر بە هەمان شێوە لاواندنەوە بۆ خزم و کەس و کاری دەکات لاوێنەر باس لەڕەوشت و ئاکاری جوانی مردووەکە دەکات و یادگارییەکان بەبیر دەهێنێتەوە.

بۆ چلەی ئەرجوومەندی جوانە مەرگ
ئەی ئاوی دیجلە ئەی چاڵە مەرگی بێ پەیی و بێ جێ
شۆڕە سوارەکەم تێ گلا، ئاخۆ هەتا کوێ ئەچێ؟!
ئاگر بەربێتە دەروونت وەک من، وشکاییت دابێ
کەی بووە ڕەحمەت وابێ فرسەت بێ، وابێ پەنابێ
شەپۆلی لێڵت بوو بە قوڕاو، کردمان بەسەردا
چاوی کۆ لیلمان، لە پەرچ و گۆم ولە بێخت بەردا(سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی ب ٢ ، ل ١٨٧)

حەسیب قەرەداغی شیعرەکانی( بۆ لاواندنەوەی خزم و دۆست و هاوڕێ و کەس و کاری بووە. بۆنموونە لەشیعری(بۆ چلەی ئەرجومەندی جوانەمەرگ)دا کە هەر لەناونیشانی شیعرەکەوە بۆمان دەردەکەوێت کە ئەرجومەند چل ڕۆژ بەسەر خنکاندنی ئەم گەنجە تێپەڕیوە، کە لەئاوی دیجلەدا خنکاوە و ئەفسەر بووە ، پاشان بە شێوەی تابلۆیەکی هونەری جوان وێنەی باری دەروونی خۆی دەکێشێ ) (تەنیا ئەسعەد ،٢٠١٢ ، ل ٢٢٥)

هەندێ جار لاوێنەر دەست نیشانی مێژوویی کۆچی مردووەکەیان وچەند ڕۆژ بەسەر کۆچەکەیدا تێپەڕ ببێ دەیکات، هەندێ جار قسەی ئەو کەسانە دووپات دەکاتەوە کەلەکاتی شین و ماتەمەکەیدا کەسانێک بۆ ڕەواندنەوەی خەمیان و سەبوورییان ئامۆژگاری پێ کردوون.

بۆ چلەی ئەرجومەندی جوانەمەرگ
شیوەنمە شیوەن ،وەکو ویشوومە،ئەمدا بە داخا
گەردەلوولەکەی دەنگی براڕۆ،ئەمبا بە ناخا
......................................................
ئەمڕۆ چل ڕۆژە دەنگی براڕۆ، نەغمە خوانییە
بۆ دڵخۆشیمان واعف هەر ئەڵێی دنیا فانییە
تف لە ڕووی دنیا تف لەم فانییەی تۆی بۆ فەنا برد
تۆی لە (سەردار)ی کۆرپەی نازدار و لە (میدیا) کرد(شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی ب١ ، ل١٨٨)

ئەوەتا شاعیر ژمارەی ئەو ڕۆژانەی دەستنیشان کردووە کەبەسەر مەرگی (ئەرجوومەندا) تێ پەڕیوە، بۆ دەرخستنی وێنەی باری دەروونی و بەکوڵ گریانی دەست نیشان کردووە هاوکات وتەکانی مەلای ناو پرسەکە دەخاتە ڕوو کە بۆ سەبووری دڵی کەس و کاری ناوبراو وتویەتی:(دنیا فانیە)، هێرش دەباتە سەر دنیای فانی و نەفرەتیان لێ دەکات، کە ئەو لاوەیان بردووەو لە ماڵ و منداڵیان کردووە، ناوبردنی کەسانی نزیکی مردووەکە، بەتایبەتی ئەو کەسانەی، کە لەژێر سایەیی کۆچکردووەکەدا ژیاون و پێویستیان بە ژیانی بووە سەرچاوەی خێر و خۆشی و گوزەرانیان بووە، وەزیاتر هەڵچوونی خەمەکە دەردەخات، خوێنەر و گوێگریش بە پێی ناوی ئەو کەسانە زیاتر دەهەژێت وهەست بە مانای خەمەکەی لاوێنەر دەکات.

لەم لاواندنەوەیەدا (حەسیب قەرەداغی) ی شاعیر (زیاتر جەخت لەسەر شین و لاواندنەوەو گریانی خۆی کردۆتەوە و ویستویەتی لە ڕێگای ئەم

دەقەوە دەروونی خۆی بەتاڵ بکاتەوە لەهەمان کاتدا پێگەی پلەی هاوڕێکەی دەست نیشان بکات). (تەنیا ئەسعەد ، ٢٠١٢ ،ل ٢٢٦)

وەهەر ئەوە نییە شاعیران بۆکەسانی نزیک و خۆشەویستیان لاواندبێتیانەوە، بەڵکو بۆخودی خۆشیان لاواندۆتەوە ، کاتێک کەهەستیان کردووە مەرگیان نزیک بووەتەوەو لەدوادوای ساتەکانی تەمەنیان، یان کاتێک نەخۆش کەوتون و بێ ئومێد بون لەژیان و هەستیان بەنزیکی مەرگ کردووە، لەو کاتو ساتەوە شیعریان بۆمردنی خۆیان نوسیووەو پێشبینی مردنی خۆیان کردووە و یان وێنەی کەسانی دەوروبەری خۆی کێشاوە کەلەساتی مردنیدا ، چ هەڵوێستێک دەنوێنن. مردنی ئەو چ کاریگەرییەکی دەبێت لەسەریان چۆن شیوەنی بۆ دەکەن و لەخۆیان دەدەن ، هەندێک جاریش شاعیران وەسیەت نامە بۆ منداڵ و کەسوکاریان دەنوسن .

٢-لاواندنەوەی گشتی لە دەقەشیعرییەکانی (حەسیب قەرەداغی)دا:

مەبەست لەم جۆرە لاواندنەوەیە، لاواندنەوەی کەسایەتیە ناودارەکانی نێو کۆمەڵگایە دەکرێت بڵێین ئەو کەسانە موڵکی کۆمەڵگان ، ڕۆڵێکی بەرچاویان هەبووە لەبەرەو پێش چوون و گەشە سەندنی کۆمەڵگا لە هەموو ڕوویەکەوە لاواندنەوەی گشتی دواتر چەند لقێکی لێ بووە وە وەیەکێک لەو لقانە لاواندنەوەیە بۆ شاعیران.

لاواندنەوە بۆ شاعیران: ئەمجۆرە لاواندنەوەیە لەلایەن شاعیرێکەوە دەنوسرێ بۆ مردنی شاعیرێکی تر، کە ئەمە بە ڕوونی لە شیعری شاعیران و حەسیب قەرەداغی )دا دەبینرێت، زۆرجار مەرگی لەناکاوی شاعیرێک کاردەکاتە سەر دڵ و دەروونی شاعیران و هەست و سۆزیان دەورووژێنێ، ئەمەش کۆمەڵێک هۆکاری گرنگی هەیە دەبێت هۆیەکەی بگەڕێتەوە بۆ هاوڕێیەتی نێوانیان یان وەک و دوو برا یان دوو هاوڕێی نزیک و بەوەفا بوون.

یان لەکاتی بەستنی کۆڕی ماتەمینی بۆ شاعیرێک کە لە یادی چل ڕۆژەی کۆچی شاعیردا بێت یان لە ساڵیادی کۆچی شاعیرێک کاتێک مەراسیم و کۆڕی ماتەمینی ساز دەکرێت، لەم کۆڕەدا شیعری لاواندنەوە بۆ ئەو شاعیرە دەخوێنرێتەوە.

وەک ئاماژەمان پێدا لاواندنەوەی گشتی لەلای شاعیران بەرچاو دەکەوێت ئەوەتا(حەسیب قەرەداغی) شیعرێکی جوانی بە بۆنەی کۆچی دوایی (کامەران موکری)شاعیرەوە نوسیوە بەناوی (بۆ دار بەڕووی شیعر) لە( ١٩٨٦/١٢/١٥ )دا(تەنیا ئەسعەد ،٢٠١٢ ، ل ٢٨٣)

بۆ دار بەڕووی شیعر
تف لە ڕووخساری چەپگەردی ئەم ڕۆژگارە
کەی تۆ ڕۆژێ بە کامی خۆت بەیانیت بردە ئێوارە؟!
ئەگەر نازناوی کامەران، ڕێی لە بانگم نەگرتایە
کاکە حەمە... دەموت باوە خەمەی کوردی
بەڵێ دەموت تۆ دار بەڕووی پیرە مەگرون و هەڵگوردی. (شیعرەکانی حەسیب قەرەداغیب٣، ل ٣٤٨)

ئەگەر هەر لە ناونیشانی شیعرەکە ورد بینەوە شاعیری چواندووە بە دار بەڕوو، کە ستایشی هەڵوێستی نیشتیمان پەروەری شاعیر دەکات کە ئازایانە بێ باکانە لەسەر گڵگۆی بێکەسی شاعیردا دەنگی یاخی بوون و نارەزایی خۆی بەرامبەر بەرژێمی پاشایەتی ئەو سەردەمە بڵاو دەکردەوە بانگی ئازادی و یەکسانی و سەربەستی کردووە.

حەسیب قەرەداغی لەشیعری (بۆ شاعیری جوانەمەرگ –محمد حسین هەڵبجەیی)دا کەلە (١٩٨٩/٦/٢٧) دا نوسیویەتی و دەڵێت:

ڕێی سەفەرت ڕێی کۆتایی و ڕێی نەهاتە
ڕێی کوشتنی خەونی خۆشە ،ڕێی کوشتنی سەد ئاواتە
ڕێبوارەکەی ڕێگەی نەهات!
لێم وەرگرە شیعرم پێیە
نووسیمەوە بە ئەشکی سوور ،وەکو توێشووبۆ ئەم ڕێیە!
(شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی ، ب٢، ل٢٢)

لێرەدا شاعیر لاواندنەوەی بۆ ئەم شاعیرە کردووە هاوکات کۆچی ناوادەی بە چەشنی کۆچی کەژاڵی کچی خۆی چواندووە کە مردنی ئەمیش لەناکاو بووە لە کاتێکدا هەڵەبجە وێرانەیە و پێویستی بە هەڵوێستی ئەم شاعیرانە بووە، هەروەها لە کۆتاییدا دەڵێ بە فرمێسکی سوورو خوێناوی ئەم شیعرەم نوسیوەتەوە لێم وەربگرە بۆ توێشووی ئەم کۆچ و بارەت.

## ئەنجام:

لەکۆتایی ئەم توێژینەوەیەدا گەشتین بەچەند خاڵێک لەوانە:

١- بەهۆی ئەوەی کە شیعری لاواندنەوە مێژوویەکی دێرینی هەیە دەتوانین بە بەشێک لەفۆلکلۆری دابنێین ، چونکە مەرج نییە بەتەنیا ئەوشتانەی کە کەرەستەی کۆنن و ماونەتەوە بچنە خانەی فۆلکلۆرەوە.

٢- حەسیب قەرەداغی بایەخێکی زۆری بە لاواندنەوە داوە بەهەردوو جۆرەکەیەوەو بەتایبەتیش بە لاواندنەوەی تایبەت ، چونکە بەهۆی لەدەستدانی ڕۆڵەکەیەوە (کەژاڵ) هەموو ساڵیک لەڕۆژی مردنی ڕۆڵەکەیدا دەقێکی شیعری لاواندنەوەی بۆ نووسیوە.

٣- شیعری لاواندنەوە یان شیوەن یان شینگێڕی هەرلەکۆنەوەو لەسەردەمی ڕێبازی کلاسیکەوە بگرە تا ئەمرۆش جێی بایەخی شاعیران بووە ، ئەمەش بەهۆی ئەو هەموو نەهامەتی و شەڕوشۆڕو کارەساتانەی بەسەر میللەتەکەیاندا هاتووە بەلاواندنەوەی ناخی خۆیان هەڵڕشتووە.

٤- شیعری لاواندنەوە نەک بەتەنیا لەئەدەبی کوردیدا ، بەڵکو لەئەدەبیاتی هەموو جیهانیشدا بوونی هەیەو بایەخی پێدراوە.

## سەرچاوەکان:

١-ئاشنا جەلال ڕەفیق، لاواندنەوە لە شعری کوردی کرمانجی خواروو، هەولێر، ٢٠١٤.

٢-تەنیا ئەسعەد، دیاردەی خەم لە شیعری حەسیب قەرەداغی دا چاپی یەکەم ، ٢٠١٢.

٣-حەسیب قەرەداغی ،سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی ، فەرهەنگی غەم بەرگی یەکەم. هەولیر.

٤-حەسیب قەرەداغی ، سەرجەم شیعرەکانی حەسیب قەرەداغی ، فەرهەنگی غەم بەرگی دووەم. هەولێر.

٥--ڕەئوف عوسمان، عەنبەر خاتون لە فرمێسکە نەمرەکانی مەولەوی، هەولێر،١٩٩٧.

٦--شوکریە ڕەسوڵ، ئەدەبی فۆلکلۆری کوردی چاپی ١، هەولێر، ٢٠٠٨.

٧-عوسمان دەشتی، زانکۆی ڕاپەرین ژمارە ١، هەولیر، ٢٠١٤.

٨-مارف خەزنەدار، مێژووی ئەدەبی کوردی "ب ٣" چاپی ٢، هەولیر، ٢٠١٠.

کتێب عەرەبی

٩-سراج الدين محمد،الرثاء في الشعر العربي ،الناشر،دار الراتب الجامعية،بيروت /لبنان .

رسالة ماستر

١٠-نوال كاتب ،رثاء الابناء في الشعر العربي القديم(ابن الرومى)و(ابن عبد ربة)انموذجا،بحث ماستر،جةزائر،٢٠١٥.

١١-يوسف أحمد شيخ محمد، الرثاءفي المعيار النقدى (منالعصر الجاهلي حتى سقوط بغداد٦٥٦ه)،بيروت ،٢٠١٤.

گۆڤار

١٢-ئەحمەد عومەر موحسن. "گۆڤاری ڕامان ١٣٠." ٢٠٠٨.



**الملخص:**

الرثاء في النص الشعري للشاعر حسيب قرداغي:

يعدّ الرثاء بصورة عامة شكلا من أشكال الشعر الغنائي ، إذ يظهر الشاعر في جزء من هذا الشعر الغنائي جميع مشاعره وعواطفه تجاه فقدان شخص عزيز عليه . يستخدم هذا الرثاء في حالات عديدة منها في العزاء، أو في الاغتراب أو فقدان شخص عزيز.

إن الرثاء بشكله الأولي - وفي جميع المجتمعات - ينتمي إلى العادات والتقاليد التي كانت سائدة عند العزاء .والرثاء له عدة معاني كما في اللحن الحزين أو في البكاء على الميت . يعدّ الرثاء موضوعا متشعبا بحيث لا يستطيع أحد أن يصف أو يشرح جميع فروعه في آن واحد ، لذا أرتأينا تقسيم البحث على فصلين في كل فصل مبحثين فجاء الفصل الأول يشمل على أصل معنى الرثاء وتعريفه بشكل عام، من حيث المحتوى يقسم الرثاء على نوعين : الرثاء العام والخاص.

اما الفصل الثاني، فبعنوان (الرثاء في النص الشعري للشاعر حسيب قرداغي) ، حيث عدّ الشاعر أصعب انواع الرثاء هو ذلك الرثاء الذي يكتب للطفل أو للمرأة . إذ إنّ رثاء الطفل أو المرأة ليس عملا فنيا سهلا ، كما ليس باستطاعة كل شاعر أن يكتب هذا النوع من الرثاء خاصة ذلك الرثاء على الطفل الميت . إن هذا النوع من الرثاء يعمل ضغطا شديدا على مشاعر الشاعر بحيث نجد الشاعر يكسر رأس قلمه الذي يكتب به من شدة الحدث وبالمقابل نجد ان بعض الشعراء لا يستطيعون كتابة أي شئ عن موتاهم حتى بعد فترة طويلة من رحيلهم .

وفي النهاية ،توصلنا إلى أبرز نتائج البحث وخلاصته المدونة فيها مع المصادر المهمة التي أفدنا منها في كتابة هذا البحث القيم.



**Abstract:**

Lamentation in the poetic text of the poet Haseeb Qardaghi:

**Lamentation** is generally considered a form of lyrical poetry, where the poet expresses in a part of this lyrical poetry all his feelings and emotions towards the loss of a person dear to him. This lamentation is used in many cases , including in the open ,in alienation ,or in the loss of a dear person.Lamentation in its initial form and in all societies belongs to the customs and traditions that were prevalent at mourning .Lamentation has several meanings, as in the sad melody or in weeping over the dead .Lamentation is considered a topic so broad that no one can describe or explain all its branches at the same time.

The first chapter includes the origin of the meaning of lamentation and its definition in general,as well as in terms of content, lamentation is divided into two types: general and private lamentation.

As for the second chapter , which entitled (Lamentation in the poetic text of the poet Haseeb Qardaghi) ,where the poet considered the most difficult type of lamentation is that which is written for a child or a woman .Lamentation a child or a woman is not an easy work of art ,just as not every poet can write this kind of lamentation ,especially that lamentation for a dead child .This kind of lamentaion works so hard on the poet s feelings that you find the poets breaking the tip of his pen with which he writes.On the other hand ,we find that some poets cannot write anything about their dead even after a long period of time after their death.

Eventually, we presented the most prominent results that we reached with the important resources that we drew from in writing this valuable research.